# چارەسەری بارودۆخەکە لەمە زیاتر دواکەوتن هەڵناگرێت

**قادر عەزیز**

گۆڕانکارییەکانی ئەمدواییەی تونسو میسرو ئەو شەپۆلی نیگەرانیو خەمە ئابووریو سیاسییانەی کە ئاوێتەی تورەیی کۆمەڵگەی ئەو وڵاتانە بوو، کاریگەری راستەوخۆی بەسەر تەواوی ناوچەکەو کوردستانی ئێمەش بەتایبەتی هەبووەو جارێکی تر پێویستی چاکسازی بارودۆخەکەی کوردستانی لەلایەن خەڵکی نارازی کوردستانو هێزە سیاسییەکانی وروژاندەوە.

وەک هەموولایەک دەزانین ساڵانێکە هەرێمی کوردستان بەهۆی دەسەڵاتو قۆرخکاری حزبییەوە بەدەست خراپی خزمەتگوزارییو گەندەڵیو ناعەدالەتییەکی زۆرەوە دەناڵێنێت، بەداخەوە سەرباری ئەو هەموو گفتو بەڵێنە زۆرو زەبەندەی کە حکومەتو دەسەڵاتی هەرێم ساڵانێکە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەو چاکسازی لەهەرێمەکەدا بەخەڵکی دەدەن، سەرباری ئەو هەموو هێزو توانا مادییو مرۆییەی کە لەبەردەستدایە، کەچی کێشەکان نەک هەر چارەسەر نەکراون، بەڵکو لەهەندێک بواردا بووەتە قەیرانو بەبندەست گەیشتووە، کە ئەمەش خەریکە دەبێتە هەڕەشەیەک لەسەر خەڵکو تەنانەت خودی دەسەڵاتیش لەو هەرێمەدا.

ئەمرۆ داواو داخوازی خەڵکو هێزو رێکخراوە سیاسیو پیشەییو مەدەنییەکانی کوردستان بۆ چاکسازییو چارەسەرکردنی کێشەکان هەرچۆنێک بێت هەڕەشە نییە بۆ سەر دەسەڵاتو دەستکەوتەکان، بەقەدەر ئەوەی کە بەردەوامبوونی گەندەڵیو ناعەدالەتیو خراپی خزمەتگوزارییو نەبوونی ئیرادەیەکی شێلگیرانە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە، ئەو هەڕەشەیە دروستدەکەن.

ئاشکرایە کە هەموو ئەو کێشەو قەیرانەی کە ئەمرۆ لەکوردستاندا هەیەو کەڵەکە بووە زادەی حوکمرانی حزبە لەدەرەوەی یاساو حکومەتو پەرلەمانەوە، زادەی هەوڵی بەردەوامی حزبە لەکۆنترۆڵکردنو بەحزبیکردنی کۆمەڵگەو بازاڕو دامودەزگاکانیدا، کە دیارە ئەمەش سەربەخۆییەکی ئەوتۆی بۆ حکومەتو پەرلەمانو قەزاو هەروەک مافی هاووڵاتیبوونو دەرفەتی یەکسانی بۆ خەڵکو لایەنەکان لەبەشداریکردنی پرۆسەی سیاسیو لەدامەزراندنو پێشخستنو وەرگرتنی پۆستو پلەی سیاسیو وەزیفیو زانستیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو تەنانەت کاسبی ئاسایی خەڵکیش نەهێشتووەتەوە.

پارتیو یەکێتی کە ساڵانێکە شێوازی حوکمرانی ئەوان ئەو کێشانەی ئەمرۆی دروستکردووە، وەک دوو حزبی دەسەڵات داوایان لێدەکرێت کە بەوپەڕی هەستکردن بەلێپرسراوێتیو بەجورئەتو خەمخۆرییەکی زۆرەوە بۆ ئایندەو دەستکەوتەکانی کوردستان لەچارەسەرکردنی پراکتیکیو واقیعیانەی بارودۆخەکە بێنە پێشەوە، چونکە ئەم بارودۆخەی ئەمرۆ لەمە زیاتر دواکەوتنو خۆبواردنی ئەوان لەچارەسەرکردنی کێشەکان قبوڵناکات.

alanddk@yahoo.com

**ئەمە سەروتاری رۆژنامەی رێگەی ئازادییە کە حیزبی زەحمەتکێشانی سەربەخۆی کوردستان دەریدەکات و هەفتانە قادر عەزیز دەینووسێت**